# عێراق نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی

## هەواڵنامەی مرۆیی

نیسانی ٢٠٢٠



ڕێکخراوی ناحکومی هێڤی بەهانای قەیرانی کۆڤید-١٩ ەوە دێت لە خێوەتگەی کەبەرتوو٢ بۆ ئاوارەکان لە دهۆك. (سەرچاوەی وێنە: لەلایەن ڕێکخراوی هێڤی)

## هەواڵە سەرەکیەکان

- ئامادەکاری بۆ کۆڤید-١٩ لە ناو خێوەتگەکانی ئاوارەکان
- یەکەیەکی نوێ ی هاوکاری چوونەژوورەوە و دەستگەیشتن بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان دامەزرا
- قەیرانی دراو بۆ بەرنامەدانانی پارەی کاش
- ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی چارەسەری نەبوونی ئاسایشی خۆراك دەکات لە ماوەی قەدەغەکانی هاتووچۆ

## نیگەرانیەکان لە بارەی ڤاریزکردنی کۆڤید-١٩بۆ هێزەکانی ئاسایش لەسەر کاتەکانی جێگۆڕکێ لە نەینەوا

هەڵمەتێکی حکومەت لە کۆتایی ٢٠١٩ بۆ دامەزراندنی ژمارەیەك کارمەندانی ئاسایش لە ڕیزی ئاوارەکانی بەخۆیەوە بینیوە کە دامەزراندنیان بەدەستهێناوە لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشی عێراقی وئەفسەرانی پۆلیس. هێزەکانی ئاسایشی عێراقی و هێزەکانی پۆلیس زۆربەی جار دەنێردرێن بۆ ئەرك بە نۆرە لە ناو خودی پاریزگا یان لە سەرانسەری پاریزگاکان، و دوای ناردنیان ئاوارەکان بە شێوەیەکی ئاسایی لە ماوەی پشوویان دەگەڕێنەوە بۆ خێوەتگەکانیان کە تیایدا نیشتەجێن. لەگەڵ گەیشتنی کۆڤید-١٩ بۆ ناو عێراق لە مانگی شوبات، پاراستنی تەندروستی و لەش ساغی ئاوارەکان، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە ناو خێوەتگە قەرەباڵغەکانن، بووەتە کاری لەپێشینە. بڕیارەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی تەندروستیەوە دەرچوون و بەڕێوەبەرانی خێوەتگە کە ڕێنمایی دانیشتوانی خێوەتگە دەکەن بۆ ڤاریزکردنی ١٤ ڕۆژ بەتایبەتی ناوچەکانی جیاکردنەوەی بە ئامێر بەر لە تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ دانیشتوانی تر.

کارمەندی ئاسایش لە نێوان ئەوانەن کە هەندێك ڕێگەپێدانیان هەیە لە میانەی قەدەغەکانی سەرتاسەری ووڵات، ئەمەو لەگەڵ نزیکیان لە گوزەراندنی ژیان لێیانەوە، مەترسی گواستنەوەی کۆڤید-١٩ زیاد دەکات. سەرەڕای ئاستی باڵای بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەمەڕ کۆڤید-١٩ەوە لە نێوان ئاوارەکان کە ئەنجام دراوە، لەماوەی مانگی نیسان چەند حاڵەتێکیان ڕاپۆرتکرابوون لە کەسانی ئاسایش کە دەچنە ژوورەوە بۆ ناو خێوەتگەکان لە ڕێگەی خاڵە نافەرمیەکانی چوونەژوورەوە، وەك شکاندنی پەرژینی خێوەتگە، تاوەکو دوورکەونەوە لە ڤاریزکردن و جیاکردنەوە لە خێزانەکانیان. هاوکارانی مرۆیی دووچاری ئەستەمیەکان بوونەتەوە لە جێبەجێکردنی ڕێ و شوێنەکانی جیاکردنەوەی کە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە.

هێشتا هیچ حاڵەتێکی پشتڕاستکراوی کۆڤید-١٩ لە ناو خێوەتگەکانی ئاوارەکان بوونی نیە، بەڵام وەها ئەنجامێك وەك مەترسیەکی جدییە بۆ تەندروستی و لەش ساغی ئاوارەکان. کەمکردنەوەی ئەم مەترسیە پێویستی بە هەماهەنگیە لە نێوان دەسەڵاتدارانی حکومەت و هاوکارانی تەندروستی و کەسانی ئاسایش و سەربازی. هاوکارانی مرۆیی نیگەرانیەکانی تەندروستی و پاراستنیان بەرزکردۆتەوە لەگەڵ بەرپرسانی باڵا لە هێزەکانی ئاسایشی عێراقی لە نەینەوا، لەگەڵ پاریزگاری نەینەوا و وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران، کە دوای هەڵپەساردنی ناردنی ئاوارەکان دەکات کە لە ناو خێوەتگەکان ژیان دەگوزەرێنن لە ماوەی بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩. پاریزگاری نەینەوا هاوکاری کردووە لە ڤاریزکردنی تەواوی کارمەندانی سەربازی لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ پاریزگاکە.

بەرەو کۆتایی مانگی نیسان، زۆربەی خێوەتگەکانی ئاوارەکان لە نەینەوا بە توندی بڕیارەکانی ڤاریزکردنیان ئەنجام دابوو، کە ڕێگر بوون لە وەرگرتنی هەر کەسێك کە ڤاریزکردنی ڕەتکردۆتەوە، و دامەزراندنی ناوچەکانی ڤاریزکردنی تەرخانکراو. بەرەنگاریەکان دەمێننەوە لە ناو هەندێك لە خێوەتگەکان کە نوێکردنەوەی پەرژینی چواردەوری خێوەتگە و پێدانی پاك و خاوێنی زیاتر بە دانیشتوان بەردەوامیان هەیە.

## یەکەی هاوکاری چوونەژوورەوەی نوێ بۆ ڕێکخراوی ناحکومی دامەزرا

لەو کاتەوەی مانگی ئەیلولی ٢٠١٩، ڕێکخراوە ناحکومیەکان ئاستەنگ لەبەردەم چوونەژوورەوەیان هەبووە. ڕێکخراوە ناحکومیە مرۆییەکان لە ناو عێراق پێویستیان بە نووسراوەکانی چوونەژوورەوەیە تاکو ڕێگەیان پێبدرێت تێپەڕبن لە ڕێگەی چەندین خاڵی پشکنینی ئاسایش لە ناوچەکانی کە ئەوان کاری تێدا دەکەن. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩، تەواوی نووسراوەکانی ڕێگەپێدانی چوونەژوورەوە بەسەرچووبوون، هەروەك سیستەمی پێشووتر بۆ پێدانی نووسراوە مانگانەییەکان بە ڕێکخراوە ناحکومیەکان – کە بۆ چەندین ساڵ دەبێت کاریان پێدەکرا – چیتر پەسەند نەدەکران لەلایەن حکومەتی عێراق، و دەبووایە شێوازەکانی جێگرەوە بدۆزرێنەوە. بۆ ماوەیەکی کاتی، پرووپاگەندەیەك هەبوو لە بارەی ڕێگەپێدانەکانی چوونەژوورەوە پێویستە لەسەر ئاستی ناوخۆیی، کە ئەمەش بووە هۆی سیستەمێکی پێشبینینەکراو و پشتپێنەبەستوو، کە نەدەتواندرا دڵنیایی بدرێت لە چوونەژوورەوە، و کە زۆربەی جار چالاکیەکانی پرۆژە نەدەتواندرا تەواو بکرێن.



وێنە: خاڵێکی پشکنین لە پارێزگای ئەنبار
(سەرچاوەی وێنە: لەلایەن هیلاری ستۆفێر/ لە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی

هەماهەنگیکاری مرۆیی، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی و لێژنەی هەماهەنگی ڕێکخراوی ناحکومی بۆ عێراق لەو کاتەوەی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ کاریان کردووە لەگەڵ هەردوو دەسەڵاتدارانی حکومەتی ناوەند لە بەغدا و دەسەڵاتدارانی پارێزگا بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی ڕێگەپێدانی چوونەژوورەوەی پێشبینیکراو و ڕوون و دروست و یەکسان. بۆ هاوکاری کردن لە تەواوکردنی داوایەکانی چوونەژوورەوە لەگەڵ سەنتەری ئۆپەراسیۆنەکانی نیشتمانی، لێژنەی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ عێراق یەکەیەکی نوێ ی هاوکاری کردنی کاتی دامەزراندووە بۆ دەرچوواندنی نووسراوەکانی چوونەژوورەوە بەر لەوەی کە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی ناوە ناوە ڕادەستیان بکات بۆ سەنتەری ئۆپەراسیۆنی نیشتمانی، بەمەش دواکەوتنەکان کەمدەکاتەوە کە دێنە کایەوە بەهۆی هەڵەکانی کارگێڕیەوە. سنورداریەکانی هاتووچۆ بەهۆی کۆڤید-١٩ چینێکی تری زیادکردووە بۆ ئاستەنگیەکانی چوونەژوورەوە بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان کە پێش وەختە زیانیان بەرکەوتووە بەهۆی کێشەکانی چوونەژوورەوەی کارگێڕی. ١.٥ ملیۆن عێراقی پێویستیان بە هاوکاری مرۆییە و لەو قەزایانە ژیان دەگوزەرێنن کە ئاستەنگیەکانی چوونەژوورەوەی ناوەند و بەرزیان هەیە.

## نەخشەدانانی ئاوارەبوونی نافەرمی




زیاتر بۆ دوو ساڵ دەچێت لەو کاتەوەی کۆتایی هاتنی ململانێ ی چەکداری لە دژی داعش، ١.٤ ملیۆن عێراقی لە ئاوارەییدا دەمێننەوە. هەرچەندە پڕکردنەوەی پێویستیەکانی ئاوارەکانی ناو دامەزراوەکانی خێوەتگەکان ببوون بە کاری لەپێشینە لەم چەند ساڵەی ڕابردوو، جەختکردنەوەی هاوکارانی مرۆییش بە شێوەیەکی زۆر دەگۆڕێت لە خێوەتگەکانەوە بەرەو شوێنەکانی ئاوارەبوونی دەرەوەی خێوەتگە، لەو کاتەی کە دانیشتوانی ئاوارەی دەرەوەی خێوەتگە بەردەوام لە زیادبووندایە. لە ماوەی کۆتایی ساڵی ٢٠١٩، لەسەر داوای حکومەتی عێراق، لێکدانێك و داخستنێکی بەپەلەی خێوەتگەکانی ئاوارەکان هەبوو، بە تایبەتی لە نەینەوا. لەو ماوەیەدا، زۆربەی ئاوارەکان کە خێوەتگەکانیان بەجێهێشت ترسیان هەبوو لە پشکنین یان گواستنەوەی ناخۆبەخشانە، زۆربەی جار کە ئەمەش دەبووە هۆی ئاوارەبوون بۆ جاری دووهەم لە دامەزراوەکانی دەرەوەی خێوەتگە بەهۆی نەبوونی توانایان بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی زێدی خۆیان بە سەرکەوتوویی.

گرووپی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە و پەناگە و کەل و پەلی ناخۆراکی تەختەیەکی نەخشەدانانی شوێنە نافەرمیەکانیان ڕاگەیاند بۆ لێکدان و نیشاندانی داتای سەرەکی پەیوەندیدار بە ئاوارەبوونی دەرەوەی خێوەتگە. لە کۆتایی مانگی نیسان، لەو کاتەی کە ٢٧٧.١٧٧ ئاوارە لە ناو ٦٧ خێوەتگە ژیانیان دەگوزەراند، ٢٨٠.٣٤٨ ئاوارە لە ناو ٩٣٨ شوێنی نافەرمی دەژیان، هەندێکیان کە پێکهاتبوون لە خێزانی پێنج کەسی لە دامەزراوەی خودی. ئەمانیش لەوانە باڵەخانەکانی جێهێڵدراو، زیان پێگەیشتوو بەهۆی جەنگ و باڵەخانەی تەواو نەکراو، کێڵگەکان، شەقامەکان و مزگەوتەکان و قوتابخانەکان و نووسینگەکان. دابین کردنی هاوکاری مرۆیی و خزمەتگوزاریەکانی پاراستن لە ناو شوێنە نافەرمیەکان لە سەرانسەری ناوچەیەکی جیوگرافی فراوان کە دەکرێ زیاتر بەرەنگاریانە بێت لە چاو خزمەتگوزاری لەناو خێوەتگەکان، لەوێ کە دانیشتوان یەکگرتوون و کە چوونەژوورەوە و ئاسایش زیاتر دڵنیایی دەدرێت.

شوێنە نافەرمیەکان ئەو ناوچانەن کە هیچ بەڕێوەبردنێکی خێوەتگەیی دەستنیشانکراوی نیە یان لەلایەن حکومەت نەناسێندراوە. بەهۆی ئەوەی زۆربەی جار ئاسایشی نیە یان بەهۆی بارودۆخەکانی ژیان و گوزەرانی شڵەژاوی ئاوارەکان لەو ناوچانە، لەگەڵ هەبوونی هەڕەشەی بەردەوامی دەرکردن، کرێیە زۆرەکان کە ناتواندرێت بدرێن و ماددە تەقەمەنیەکان، هاوکاران جەخت دەکەنەوە لەسەرئەوەی کەوا چۆن بە شێوەیەکی کاریگەر هاوکاری ئەو ئاوارانە بکەن کە بارودۆخیان زۆر لاوازە و دڵنیایی بدەن لەوەی کە پێویستیە مرۆییەکانیان پڕکراونەتەوە. تەختەی زانیاری گرووپی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە و پەناگە و کەل و پەلی ناخۆراکی یارمەتی هاوکاران دەدات بە دابین کردنی داتایەکی هەڵسەنگێندراوی تێهەڵکێشراو بۆ ئەم شوێنانە.

## سیناریۆی پلاندانانی تەندروستی بۆ کۆڤید-١٩ لە ناو خێوەتگەکانی ئاوارەکان

گرووپی تەندروستی، لەگەڵ بە هاوکاری لەلایەن گرووپی پەناگە و کەل و پەلی ناخۆراکی، سیناریۆیەك و پلاندانانی تەنگەتاویان پەرەپێداوە بۆ ئامادەکردنی خێوەتگەکانی ئاوارەکان بۆ دەقی جۆراوجۆری تەندروستی کە لەوانەیە بێتە کایەوە لە ماوەی بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩. بەڵگەنامەی ئامادەکاری بۆ بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ و ئۆپەراسیۆنەکانی بەهاناوەچوون لە ناو خێوەتگەکانی ئاوارەکان ڕێکارەکانی ئامادەکاری دابین دەکات تاکو دابنرێن لەلایەن هاوکارانی مرۆیی بۆ بەهاناوەچوون بۆ ئەگەری پشتڕاستکردنەوەی حاڵەتەکانی سووك و ناوەندی کۆڤید-١٩ لە ناو خێوەتگەکانی ئاوارەکان، کە دەبێت وەزارەتی تەندروستی توانای بەڕێوەبردنی حاڵەتەکانی هەبێت لە ناو نەخۆشخانەکان کە قەرەباڵغ دەبن بەهۆی بەرزبوونەوەی حاڵەتەکان. کە ئەم بەڵگەنامەیەش بەو نیازە دانراوە بۆ دابین کردنی ڕێبەری کردن بۆ هاوکارانی مرۆیی لە ناو مەیدان کەوا بتوانن حاڵەتە پشتڕاستکراوەکان ڤاریزبکەن و جیایان بکەنەوە لە ناو خودی چواردەوری خێوەتگەکان، بە بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانەی کە بەرجەستەن بە شێوەیەکی تەواو کاریگەر.

پلانەکە حیسابی توانای سیستەمی تەندروستی گشتی دەکات بۆ بەهاناوەچوون بۆ کۆمەڵگا بە شێوەیەکی فراوانتری پێویستیەکانی کۆڤید-١٩ و ئەگەری چارەسەری کۆڤید-١٩ هەر لە شوێنی خۆی ئەگەر سەنتەرەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی ناوخۆیی و نەخۆشخانەکان زۆر قەرەباڵغ بوون لەگەڵ نەخۆشەکان. خێوەتگەکانی ئاوارەکان ئامادەکراون بۆ ئەم سیناریۆیانە، لەوانە دەستنیشانکردنی ناوچەکانی ڤاریزکردن و جیاکردنەوە، حاڵەتی لەپێشینە، بەدواداچوونی پەیوەندی، کڕین و کۆگاکردنی ئامێرەکانی پاراستنی کەسی، مەشقکردن بە ستاف، و بەڕێوەبردنی حاڵەتی سوك و ناوەندی و حاڵەتە خراپەکان لە نێوان ئاوارەکان لە شوێنی خۆیان.

## کۆڤید-١٩ زیان دەگەیەنێت بە دەستگەیشتن بە پارەی کاش

لە ماوەی نیسان، کاریگەری کۆڤید-١٩ و بەهۆی قەدەغەکانی هاتووچۆ و سنوردارییەکانی هاتووچۆ کە بارێکی ئەستەمی بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان و هەندێك لە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دروست کرد لە دەستگەیشتن بە پارەی کاش و دابەشکردنی هاوکاری لەسەر بنەمای پارەی کاش.

بەرنامەدانانی گواستنەوەی پارەی کاش بە شێوەیەکی فراوان لە ناو عێراق، لەوانە بۆ خۆراك و پاراستن و ژیان و گوزەران، کەل و پەلی زستانە و کڕینی کەل و پەلەکانی تەندروستی و پاك و خاوێنی بۆ ڕێگەگرتن لە گواستنەوەی کۆڤید-١٩. دەستگەیشتن بە بازاڕە کاراکان بە شێوەیەکی گشتی دڵنیایی دراوە بۆ ئەو کەسانەی کە پارەی کاش وەردەگرن لەبەرامبەر هاوکاری جۆری، و پارەی کاش زۆربەی جار دابەشکراوە لەڕێگەی گواستنەوەی پارەی مۆبایل کە لەلایەن لایەنی سێیەم لە دابینکارانی پەیوەندی دابین کراوە. لە ماوەی مانگی نیسان، لەو کاتەی کە حکومەت قەدەغەکانی هاتووچۆی ڕاگەیاند و هاتوچۆی توندکرد بۆ زۆربەی خەڵك لە ناو عێراق، دابەشکردنەکانی پارەی کاش دواکەوتن لەو کاتەی دابینکارانی لایەنی سێیەم ڕێگەیان پێنەدرا بەهۆی سنوردارییەکان لە هاتووچۆ، و لەبەرهەندێ نەیانتوانی دەستیان بە خێوەتگەکان و شوێنەکانی تری دابەشکردن بگات. بە هاوتەریبی ئەمەش، ئاوارەکانیش بە شێوەیەکی زۆر ڕێگریان لێکرابوو لە توانایان کە سەردانی بازاڕەکان بکەن، و نرخەکانی کەل و پەلە بەرجەستەکانیش بەرزدەبوونەوە بەهۆی داخرانی سنورەکان و کاریگەری لەسەر بازرگانی لەگەڵ تورکیا و ئێران، کە ئەمانەش بریتیبوون لە هاوردەکارانی گەورە بۆ عێراق.

لەگەڵ ئەوەی کە بانکەکان و بازاڕەکانی دراو داخران، ڕاپۆرتکرابوو کە هەندێك لە ئاوارەکان پەنایان بردبووە بەر لایەنی ڕێگەپێنەدراوی کارکردنی دراو تاکو توانایان پێبدەن لە پرۆسەکردنی پارەی کاش، کە ئەمانیش بڕێکی زۆر لە پارەیان لێ سەندوون بۆ دەستگەیشتنیان بە پارەیان. بە هاوتەریبی ئەمەش، داخستنی بانکەکان و سنوردارییەکانی هاتووچۆ ئەوانیش زیانیان گەیاند بە چەند ڕێکخراوێکی ناحکومی کە نەیانتوانی دەستیان بگات بە هەژماریان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان یان پارەی ستافیان بدەن. هەندێك لە چالاکیە مرۆییەکان هەڵپەسێردرابوون لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومیەکان کە زیانیان پێگەیشتبوو بەهۆی پچڕانەکان لە ڕاییکردنی پارەی کاشیان.

## بەهاناوەچوون بۆ پێویستیەکانی ئاسایشی خۆراك لە ماوەی کۆڤید-١٩

لە جیهان، کۆڤید-١٩ زیاترە لە قەیرانێکی تەندروستی گشتی؛ لە ناو عێراق سنوردارییەکان کە دانراون تاوەکو تەندروستی خەڵکی بپارێزرێن کە ئەمەش دەرەنجامی ئابووری هەبوو و بووەتە هۆی ئەستەمی دارایی بۆ زۆربەی خێزانەکان. لەگەڵ دەستگەیشتن بە دامەزراندن کە زۆر کەمبووەتەوە، پرۆگرامی خۆراکی جیهانی دانیشتوانی ئامانجکراوی خۆی فراوانکرد بۆ ئەو کەسانەی کە دەستنیشانکراون وەك ئەوانەی کە زۆر مەترسیان لەسەرە لە بارەی نەبوونی ئاسایشی خۆراك. ئەمەش تیایدا لەوانە ١٠.٠٠٠ ئاوارەی تر و ٣٥.٠٠٠ پەنابەری تر بۆ ئەوانەی کە ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی هاوکاری خۆراکیان بۆ دابین دەکات.

بەهۆی پچڕان لە دەوامی بانک و ئەستەمیەکان لە دەستگەیشتن بە پارەی کاش و بازاڕەکان، دواکەوتنەکان هەبوون لە دابینکارانی خزمەتگوزاری دارایی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی لە دەستگەیشتنیان بە خێوەتگەکان (سەیری سەرەوە بکە). لە ڕێگەی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی و هاوکارانی کەوا کاردەکەن لەگەڵ دەسەڵاتداران، دەستگەیشتن بە خێوەتگەکان بۆ دابینکارانی خزمەتگوزاری دارایی و بریکارەکانیان باشترکراوە لە تەواوی پارێزگاکان لە هەفتەی سێیەمی مانگی نیسان.


دابەشکردنی پارەی کاش بۆ خۆراك لە ئەنبار
سەرچاوەی وێنە: لەلایەن ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی/لە ئەلبومی وێنەکان)

هەروەها ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی کاردەکات لەگەڵ بازاڕەکانی خۆراك لە ناو خێوەتگەکان بۆ قبوڵکردنی گواستنەوەکانی پارەی کاش لە ڕێگەی مۆبایل. ئەم دەستپێشخەریانە پێویستی بۆ پارەی کاش بۆ کڕینی خۆراك کەم دەکەنەوە، لەو کاتەی کە پێدانی پارەی کاش دەتواندرێت ببێتە هۆکارێك بۆ گواستنەوەی کۆڤید-١٩. ئاگاییەکی تایبەتیش گیرایە بەر لە ماوەی دابەشکردنەکان کە تیایدا دوورکەوتنەوەی سەلامەت لە نێوان خەڵك بەردەوامی پێدرا لەو کاتەی کە ڕیز دەبوون بۆ وەرگرتنی شایستەکانیان، بە پۆشینی دەمامك و خاوێنکەرەوەی دەست، خاوێنکردنەوەی چەند جارەی کەل و پەلە بەکارهێندراوەکان و شوشتنی دەستەکان بە بەردەوامی.

ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی، ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ و بانکی نێودەوڵەتی هەڵسەنگاندنێکی هاوبەش ئەنجام دەدەن لەسەر کاریگەری کۆڤید-١٩ لەسەر ئاسایشی خۆراکی کەسانی بارودۆخ لاواز، لە هەردوو دامەزراوەکانی ناو خێوەتگە و دەرەوەی خێوەتگە، لەوانە نرخەکانی خۆراك. ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی ڕاپۆرتە مانگانەکانی بڵاودەکاتەوە لەسەر نرخەکانی بازاڕ و چاودێری کردنی گۆڕانکاریەکان لە نرخەکانی بازاڕ بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئایا نرخی گواستنەوەی پارەی کاش پێویستی بە هاوتاکردنە یان نا. لەو کاتەی، کە دەستگەیشتن بە بازاڕەکان بە ناڕوونی دەمێنێتەوە بۆ عێراقیەکان، ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی ئامادەکاری دەکات بۆ عەمبارکردنی یەك مانگی دابەشکردنی جۆری خۆراك ئەگەر بارودۆخەکە پێویست بکات. پڕۆژەکانی ژیان و گوزەرانی تەنگەتاوی ئەوانیش پلانیان بۆ دانراوە تاکو یارمەتی خەڵکانی زیان بەرکەوتوو بدات بۆ ئەوەی دووبارە داهات بەدەستبهێنن، بە زووترین کات و بەسەلامەتی بۆ کردنی ئەم کارە.

## تێڕوانینێك بۆ پاڵپشتی كردنی دارایی ٢٠٢٠




**US$429.7M**
HRP UNMET REQUIREMENTS
as of 4 May 2020

**US$161.6M**
TOTAL FUNDING RECEIVED
as of 4 May 2020




The total funding received represents the overall funding linked to the requirements of the response plans/appeals; the HRP funding is a subset of overall funding to the affected country.

| US$519.8M | US$90.1M[1] | 82.7% | US$90.1M | US$71.5M |
|---|---|---|---|---|
| FUNDING REQUIREMENTS | FUNDING RECEIVED | FUNDING GAP | FUNDING THROUGH 2020 HRP | FUNDING OUTSIDE 2020 HRP |

## BY CLUSTER (US$)

| Cluster | Funding received $ | Covered within HRP (Received / Gap) | Requirements $ |
|---|---|---|---|
| CCCM | 0M | | 23.96M |
| CP | 0.7M | | 38.88M |
| Education | 5.4M | | 28.37M |
| EL | 0M | | 15.67M |
| FSC | 13.0M | | 65.26M |
| GBV | 0.2M | | 29.51M |
| Health | 8.7M | | 60.31M |
| Protection | 2.5M | | 82.75M |
| Shelter/NFI | 0M | | 43.18M |
| WASH | 4.0M | | 43.76M |
| CCS | 2.9M | | 15.0M |
| MPCA | 3.5M | | 73.16M |
| Not specified | 46.9M | | |
| Multiple clusters | 2.4M | | |

### BY STRATEGIC OBJECTIVES (SO)




### BREAKDOWN OF CASH FUNDING REQUESTS BY CLUSTER




### HRP FUNDING RECEIVED




## BY DONOR (US$) (TOP TEN DONORS)

*Partners reported on FTS. Numbers are rounded up

| Donor | Amount |
|---|---|
| Canada | 26.3M |
| European Commission | 15.7M |
| Japan | 11.9M |
| Germany | 10.8M |
| USA | 10.6M |
| Education Above All Foundation | 4.4M |
| Switzerland | 3.3M |
| United Kingdom | 2.3M |
| Sweden | 1.3M |
| Mercy Corps | 1.3M |

US$90.1 million
HRP Funding

بۆ زانیاری زیاتر، تكایە پەیوەندی بكەن بە:
**هیلاری ستۆفیر**، سەرۆكی ڕاپۆرتكردن، سیاسەت و ستراتیجی، لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵەوە، stauffer@un.org یان ئەم ژمارە مۆبایلەوە(964+) 782 780 4622
**یوڤێت كرافتی**، بەرپرسی كاروباری مرۆیی، لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵەوە، yvette.crafti@un.org یان لە ڕێگەی ئەم ژمارە مۆبایلەوە، 3858 740 751 (964+)